# ئايا چوار (٤) جێناوی کەسیی لکاوی (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) لە ڕستەیەکدا پێکەوە دێن؟

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

سێشەممە (٥-٣-٢٠٢٤)

پێش هەموو شتێک ئەوەندەی من بزانم، ناتوانین هەر چوار ئەرکی جێناوی لکاو (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو) لە ڕستەیەکدا پێکەوە و لە یەک کاتدا کۆبکەینەوە، واتە مەبەستم ئەوەیە کە چوار جێناوی لکاو لە یەک ڕستەدا پێکەوە و لە یەک کاتدا ئەو چوار ئەرکە ببینن لەجیاتی وشەی سەربەخۆ، واتە ئەو چوار ئەرکە بە جێناوی لکاو دەربڕابن، نەک بە وشەی سەربەخۆ، یان بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ ...، پاشان نامانەوێت دوو تەواوکەری بەیاریدە و ... تێدا بێت، بەڵکو مەبەستمان ڕستەیەکە، کە تەنیا یەک کار و یەک ئامرازی پەیوەندی و یەک بکەر و یەک بەرکار و یەک تەواوکەری بەیاریدە و یەک دیارخەری ناوی تێدا بێت و هەر چوار ئەرکیش بە جێناوی لکاو دەربڕابن.

لە خوارەوە بە نموونەیەک ڕوونیدەکەمەوە:

(ئەو کتێبەکانی منی بۆ تۆ نارد.)

ئەو/ بکەرە.

کتێبەکان/ بەرکارە.

من/ دیارخەری ناوە.

تۆ/ تەواوکەری بەیاریدەیە.

لێرە مەبەستی من ئەوەیە کە تەنیا ئەم چوار ئەرکە بە جێناوی لکاو دەرببڕین، نەک بە ناو، یان بە وشەی سەربەخۆ، هەروەها تەنیا یەک ئامرازی پەیوەندی هەبێت بۆ ئەوەی تەنیا یەک تەواوکەری بەیاریدەمان هەبێت، نەک چەندین ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە هەبێت.

م. عبدالله عبدالقادر علی

ئەگەر چوار وشەکەی سەرەوە بکەین بە جێناوی لکاو، ئەو کاتە تەنیا یەک کار و یەک ئامرازی پەیوەندی و چوار جێناوی لکاومان هەیە، کە ئەمەش بەڕاستی قورس و زەحمەتە هەم بۆ قسەکەر کە گۆی بکات و هەم بۆ گوێگریش کە تێی بگات.
بۆیە بە بۆچوونی من نابێ، چونکە پێش هەموو شتێک جێناوی لکاو وەکو دیارخەری ناو بەبێ ناو دروست نابێ، وەکو دیاریشە ڕستەکە تەنیا یەک ئامرازی پەیوەندی و یەک کاری تێدا دەمێنێتەوە، ئیتر ئەوانی دیکە هەموویان دەبن بە جێناوی لکاو، واتە (ناو)ی تێدا نامێنێتەوە، کە ناویش نەبێت دیارخەری ناوی تێدا نابێت، لێرەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە چوار جێناوی لکاو بۆ ئەو چوار ئەرکە بەو شێوەیە نابێت.
ئەگەر:
بکەر = ی
بەرکار = یان
دیارخەری ناو = م
تەواوکەری بەیاریدە = ت
ئەو کاتە دەبێ بە (بۆتـیانــمــی نارد.) نابێ، چونکە (ناو)ی تێدا نییە و قورس و زەحمەتیشە.
ئەگەر بەرکار = ن
ئەو کاتە دەبێ بە (بۆتــمــی ناردن.) نابێ، چونکە (ناو)ی تێدا نییە و قورس و زەحمەتە.
کەواتە لە کۆتاییدا ڕام وایە، کە ناتوانین چوار جێناوی لکاو پێکەوە و لە یەک کاتدا لە ڕستەیەکدا کۆ بکەینەوە، چونکە ناگوترێن و نابێ و قورسە لەسەر زمان بۆ قسەکەر، هەروەها واتاش تێک دەدات و گوێگر تێی ناگات.
کەواتە ئەرکی (دیارخەری ناو) هەرگیز بەبێ (ناو) نابێت.

م. عبدالله عبدالقادر علي